# ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست باس لەخەتەنەکردنی کچانی باشووری کوردستان دەکات



دیاردەی خەتەنەکردنی کچان لەکوردستان ئەمجارە دەبێتە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست"ی ئەمریکی کە لەمیانەی ڕاپۆرتەکەدا بەسەرهاتی چەند کچە کوردێکی خەتەنەکراو و هەروەها چەندین وێنەی سەرنج ڕاکێشیش دەخاتە ڕوو.

بەگوێرەی هەندێک ئامار 60%ی ژنان لەهەرێمی کوردستان خەتەنە دەکرێن، ئەوە لەکاتێکدا کە لەشوێنەکانی تری عێراق ئەو دیاردەیە نەماوە. خەتەنە کردنی کچان شوێنەواری نێگەتیڤی سایکۆلۆژی و جەستەیی لەسەر کچان بەجێ دێڵێت.

بەگوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەکە ساڵانە سەدان کچ لەکوردستان وەک کوڕان خەتەنە دەکرێن سەرەڕای ئەو نارەزایەتیەی لەلایەن هەندێک لەڕێکخراوەکانی لایەنگری مافەکانی ژنان لەو هەرێمەدا دەردەبڕدرێ.

ڕۆژنامەکە دەنوسێ دیاردەی خەتەنەکردن کە هیچ سودێکی بۆ تەندروستی نییە و لەلایەن پسپۆڕانەوە سەلماوە کە دەبێتە هۆی دروست بونی کۆمەڵێک گرفت لەژناندا، بەڵام هێشتا لەکوردستان پەیڕەو دەکرێت و هێشتا ڕون نییە بۆچی بەو شێوەیە لەناو کوردەکاندا بڵاو بۆتەوە.

دیاردەی خەتەنە بەزۆری لەوڵاتانی ئەفریقیا و هەندێک شوێنی ڕۆژهەڵاتی ناقیندا بەدیدەکرێت و کوردستانیش لەناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یەکێکە لەو ناوچانە کە تا ئێستا سەرنجی زۆر لایەن و دەزگای بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

ڕۆژنامەکە لەبەشێکی تری ڕاپۆرتەکەیدا دەنوسێ؛ لەپێناو کۆنترۆڵکردنی غەریزەی جینسی و هەروەها بەرگرتن لەگەندەڵی ئەخلاقی خەتەنە لەکوردستان ئەنجامدەدرێت و بەئەرکێکی شەرعی دەزانرێت.

ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست دەنوسێ کچانی بچوک لەکوردستان لەئاستێکی بەربڵاودا خەتەنە دەکرێن تەنانەت ئەو کچە گەورانەش خەتەنە دەکرێن کە بەمنداڵی خەتەنە نەکراون.

ڕۆژنامەی ناوبراو کە ڕاپۆرتەکەی لەباشوری کوردستان ئامادە کردوە دەڵێ "سەیر ئەوەیە کە ناوچەکانی باکوری عێراق بەپێشکەوتو وەسفدەکرێن."

"ئامیت باڵی" پەیامنێرو ڕیپۆرتەری ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست، لە ڕاپۆرتەکەیدا چیرۆکی ئەو دیاردەیە وادەستپێدەکات:"شیلان ئەنوەر عومەر" کچێکی تەمەن 7 ساڵە، بەشداری لە ئاهەنگێکی ماڵی دراوسێکەیاندا دەکا کە دایکی پێشتر بۆی باسکردبو، بەڵام کەدەچێ هیچ ئاهەنگێک نییە، بەڵکو ژنێکی خەڵکی ناوچەی خۆیان دەبینێ کەپاش هاتنی شیلان دەرگا سورە ژەنگاوییەکەی لەپشت سەری دادەخات، ئەو سەری سورم دەمێنێ کە دەبینێ دایکی جلەکانی ژێرەوەی دادەکەنێ، شیلان وەک کەروێشکێکی تۆقیو ئازای ئەندامی دەلەرزی و خۆی دەگوشی، مامانەکەش قاچەکانی هەڵبڕی و ئەو گوێزخانەی بەرزکردەوە کە سەرتاشەکان بەکاریدەهێنن، وەک ئەوەی بیەوێت مریشکێک سەربرێت و بەوێنەی مەراسیمێکی ئاینی وتی "بەناوی خودا".

پاش ئەوەی مامانەکە ئەو بەشە لەئەندامی مێینەی شیلانی بری، کچە هەژارەکە پڕبەزاری هاواریدەکرد و دەنگی دەچووە ماڵە دراوسێکان، بەڵام دایکی بەشانازیەوە لەباوەشی گرتبوو و دەتگوت خەونێکی هاتۆتە دی، "ئایشێ محەمەد" دایکی شیلان کە تەمەنی 30 ساڵ بوو، ژنی ماڵەوەبوو لە شاری" توزخورماتوو" کە پێکهاتەی جیاوازی تێدایە، بە واشنتۆن پۆستی ووت "ئەم تەقسە لەلایەن کوردەکانی عێراقەوە جێبەجێدەکرێت و هەموو کوردێک باش لەبیریەتی، ئێمە نازانین بۆ دەیکەین بەڵام دەیکەین چونکە ئیسلام و ڕیشسپیەکانمان داوایدەکەن و جەخت لەسەر گرنگیەکەی دەکەنەوە".

**سەرچاوە: ڕێنێسانس نیوز**

# هەنار لە پیربوون دەتپارێزێ!



توێژەران پێیانوایە کە هەنار چەند توخمێکی بەهێزی تێدایە و نایەڵن ئۆکساندن ڕوودات ، ئەمەش وا دەکات کە نەخۆشییەکانی پیری دەرکەوتنی لۆچەکانی پێست دروست نەبن. بێجگە هەنار خانەکانی دووچینی گرنگی پێست نوێ دەکاتەوە و لە پیربوون دەیانپارێزێت.

لەلایەکی دیکەشەوە پزیشکە دەرمانسازەکانیش ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکەن کە نەخۆشی دڵیان هەیە تا گوشراوی هەنار بخۆنەوە، چونکە هەنار کۆمەکیان پێدەکات و نەخۆشییەکانی دڵ بەرەو ئارام بوونەوە دەبات. تاقیکردنەوەکان دەرخستووە کە ئەگەر ڕۆژانە یەک کوپ گوشراوی هەنار بخورێتەوە، ئەوە لە تووش بوون بە نەوبەکانی دڵ کەمتر دەکاتەوە و دژی ڕەقبوونی خوێنبەرەکانیش کار دەکات ، بەهۆی ئەوەی کە هەنار ماددەیەکی دژە ئۆکسینی تێدایەو هاوکاری باش بە دڵ و خوێنبەرەکانی دەکات و ڕێگەی پیربوون و تووش بوون بە نەخۆشی دڵ دوورتر دەکاتەوە. کەواتە با هەموان ڕۆژانە یەک پەرداخ گوشراوی هەناری سروشتی بخۆینەوە! چونکە بە گەنجی رامان دەگرێ و ناهێڵێ لۆچەکان دەربکەون.

# گۆڕان و نائومێدی

ئەو کاتانەی کە نائومێدی دەمکات بەدوو کەس، لەووتووێژێکی شێتانە شانۆیەک دروست دەکەم.

کەسی یەکەم دەپرسێ: ئایە مێژوو خۆی مێژوویێکی نا ئومێدی نییە؟

کەسی دووەم : چۆن؟

کەسی یەکەم: ئەی ئەوەنییە هێزی گۆڕان لەهەموو کۆمەڵگەکانی جیهان جەنگ دروستی دەکات؟ ئایە ئەوەی جەنگ لەگەڵەخۆی دەیهێنێت و دەبیات پێناسەی دەوێت؟

کەسی دووەم ، بەڵام مێژوو باسی سەدان خۆپیشاندان و ڕێپێوانی ئاشتیخوازانە دەکات.

کەسی یەکەم، وایە بەڵام دەزانی ترسناکترین جەنگ کە کەمترین ئاماژەیی پێدەکرێت شەڕی ئایدلۆژییە کە گەورەترین زیانی بەپێشکەوتنی کۆمەڵگەگەیاندووە.

ببوورن لەبەر ئەوەی کەسی یەکەم و دووەم یەکتر چاک دەناسن بۆیەووتوێژەکە زوو کۆتایی دێت.

هەموو حالەت و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان ئەوە دێنن مرۆڤ لەسەریان بوەستێ و هەڵوێستی خۆی تا ئەو شوێنەی پێیدەکرێت نیشانبدات. لەوەش دڵنیام هەندێک بنەما هەن زۆر سەرەتایین بۆ درووست کردنی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر و ساغ کە لە ئەوروپادا زۆر باون. (تێکۆشان بۆ دوا ڕۆژێکی گەش گەر خۆشم نەیبینم ئەوە نەوەی داهاتوو دەیبینێت).

ئایە بێ ئومێد بوون لە گۆڕان . ناو نیشانی کامە هەڵدێرە کە چارەنووسی ئێمەی لێ نووسراوە؟!

ئایە دەسەڵاتی گۆڕان لە نیشتمانی ئێمە بەدەست کێیە؟

دەسەڵاتی گۆڕان لە وڵاتی ئێمەدا بەدەست ئەوانەن کە دەسەڵاتی وڵاتیان بەدەستەوەیە واتە یاسا و دامەزراوە گشتیەکان و قوتابخانەو کارگەو ڕێکخراوە مەدەنیەکان و ڕاگەیاندن و... تاد بەدەست خۆیانە.

ئەوان هاتوون شێوەی بەڕێوەبردنی وڵاتیان وا لێ کردووە کە لە بازنەی هەزر و لێکدانەوەکانیاندا دوور نەکەوێتەوە.

بۆ نموونە لە جیاتی یاسایی دەوڵەت ودامەزراوە حکومیەکان یاسای داب و نەریت ودامەزراویی کۆمەڵایەتی و عەشائیریەکان کاری خۆیان دەکەن. لەبەر ئەوەی پارەیەکی زۆریان هەیە و هەرچی بیانەوێ هەر بە پارە چارەسەری دەکەن.

ئەو دەسەڵاتە ئامادەنییە خۆی تووشی گۆڕانێک بکات کە دەسەڵاتی بەسەردا نەشکێ و کارێک دەکات بەسادەیی لێی دەرچێت.

دروست کردنی مرۆڤ و هەست کردنی بەهاوڵاتیبوون و خۆشەویستی بۆ خاک و نیشتمانەکەی بۆ ئەو سەر ئێشەیە دێت باڵەخانە و ئاپارتمان دروست دەکات کە لێیان ناترسێت وخۆشی خاوەنیانەو ناویشی لێدەنێت گۆڕان.

کۆمەڵگەیەکی پڕ لە شەهادەدار دروست دەکات، بەزانسی سەرەتایی ڕێژەیی دەرچوونیش دەکات بەپێوەر بۆ پێشکەوتن، چۆنیشی بوێ ئاوا دایاندەمەزرێنێ، نەک بەوەی کەچی شەهادەیەکت هەیەو دەبێت لەو شوێنە کاربکەیت کە ڕەنجت بۆی کێشاوە.

ئێمەلەگەرمەی گەمەیەکداین کە پرسیارە گەورەکان بزر دەبن و پرسیارە بچوکەکانیش دەبن بە پێشەنگی باسەکان دەکەوینە دەست سەر لێ شێوانێک کە بێهودەیی نەبێ کەس داڵدەمان نادات.

لەکاتێکدا فایلدار و مرۆڤکوژ و نەخوێندەواری و کوشتنی ئافرەتان و خواردنی ئێکسپایەرو بێ ئاوی و کارەبا و دەیان دیاردەی قێزەوەنی تر کە ووڵاتی لەجوانی ڕووت کردۆتەوە .

فرەژنیش دەبێتە سیناریۆیەکی تر. کەمن وایی بۆ دەچم کە کەمترین قسە هەڵگرێت نەک لەبەر ئەوەی حالەتە نەک دیاردە.

با وای دانێین کە دوو هێز هەیە لەووڵاتی ئێمەدا یەکێکیان هێزێکی دینیە ئەوی تریان هێزێکی عەلمانییە

هێزە دینیەکە ناتوانێت لەوەلادات کە ل ەقورئان دا نووسراوە، بەڵام چەندیان دەیکەن یا نایکەن دەگەڕێتەوە سەر بڕیاری کەسێک کە دەکرێت دوایی کەمێک باسی بکەین، بەڵام بڕوایەکەی مەرجی بۆ دادەنێت بەس ڕێگر نییە.

هێزی دووەم کە پێیان دەگوترێت عیلمانی .(سەرەتا مرۆڤ دەبێت ئەوە بڵێت کەئەو حالەتە لەناو وان زەقترە).

ئەوەیان لەبیر چۆتەوە کە هاوسەرگەری کارێکی تایبەتە بەمرۆڤ خۆی چ پێووستی بەیاسا نییە. تۆ دەبێت ووشیاریەک درووست بکەیت کەزیاتر ڕێز لەئازادی تاک بگیرێت. هەرچەندە باس کردن لەهاوسەرگیری باسێکی دوور و درێژە، بەڵام وەک بەشێک لەئازادیی تاکەکەس گەر سەیری بکەیت ئەوە ئایندەکەی پابەندە بەخودی کەسەکان. لەگەر پێشکەوتنی کۆمەڵگە تاکەکان دەیکەن بە بەشێک لەتاقیکردنەوەی ژیانی خۆیان و چیتر پارچە وەرەقەیەک چارەنووسی مرۆڤ دیاری ناکات.

هەر کارێک بکەیت بۆ ئەوەی ئاکامێکی باشی هەبێت دەبێت زەمینەی بۆ خۆش بکەیت. هەندێک حالەت و دیاردەهەن لە وڵاتی دیموکراتیی و پێشکەونخوازیش بەزۆرینە و کەمینە یەکلایی ناکرێتەوە.

تۆ تا ئێستاش لەکوردستان زۆرینەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بدەیتە دەنگ دان ئەوە ئەو بەرەیەیی کە گۆڕان قبوول ناکات، یاساکە بەلای خۆی دادەشکێنێت (هەر لەلێدانی منداڵ لەقوتابخانەوە بگرەتا کوشتنی ژن جا بەهەر هۆیەک بێت)

بەڕێزان ئەی ئەوە کۆمەڵگەی ئێمە نییە کچی خوێندەوار مارەییەکەی زۆر ترە لەکچی ماڵ. ئیتر نازانم چی دەدەیتە دەنگدان.؟!

ئەی هەموومان دەیان ژن و کچی ڕۆشنبیرو خاوەن بڕوانامەمان بەدیووە کە سەر بە هەوێ شووی کردووەو ژیانی لە ژنێکی تر تێکداوە.

بێگومان ئەو هێزەیی کە لە نێو دەسەڵات زیاتر دەرفەتی جولەیی هەیەو خۆیی بەعیلمانی و پێشکەووتو نیشان دەدات لەوە شەرم ناکات و دەزانێت کە دەسەڵاتەکەیی شەڕی حزبی ئیسلامی پێدەکات، نەک ئیسلام، چونکە دەسەڵاتی کوردی ئامادە نییە خەڵکە دیندارەکە بڕەنجێنێ. ئەو چاک دەزانێ ئەوەی کە تۆزێک ڕێگای پێ بدرێت دەسەڵاتی لێ وەر دەگرێت ئەوە هێزی ئیسلامیە بۆیە دەبینیت لەکاردانەوەدان. هەموو کات دەیانەوێ لەئیسلامیەکان ئیسلامیتربن.

ئەگینا هەموو کەس دەزانێت حالەتی فرەژنی بەرەو کەم بوون دەچێ و ئەوەی شێخ محەمەد عبدە بەر لەسەدەیەک لە میسر کە دژی فرەژنی وەستاو لەهەمان کاتدا لەگەڵ مەرجدارکردنی بوو. پێویست ناکات لێمان نوێ بکەنەوە.

دڵنیام ئێوە زیاتر بە چاوی د.نەوال سەعداوی کوردستان دەخوێنەوە نەک بەهی خۆتان. پرسیاری سەرەکی لە لای من ئەوەیە ئایە توانایی هوشیار کردنەوەی کۆمەڵگەمان هەیە یان نە؟!

لای من وەڵامەکە نێگەتیڤە. تاکە هۆش گەر بمەوێ کورتی بکەمەوە ئەویش وون بوونی نوێنەری دڵسۆز و شیاوە.

با دوا نموونەشم لەسەر خودی ئافرەت بێت . تا ئێستا ئەوەی لەسەر خۆ سووتانی ئافرەت باس دەکرێت زیاتر ڕوویێکی پۆزەتیف و بوێرانەیی دەدرێتێ و وەک چەکێک بۆ بەدەستهێنانی ماف بەکاری دەهێنین. هەڵەی یەکەم لەوەدایە هەڵوێستێکی ڕوونمان نیە بەرامبەر کوشتنی مرۆڤ ، هەر ئەو خاڵەشە کە هەڵەی دووەم درووست دەکات ئەویش ئەوەیە کە ئەو ئافرەتانەی دەبنە قوربانی، دەبن بەقوربانی هەبوون، نەک ماف (بۆیە ئەو نوسەرانەی کە زۆر حەز لەبەراورد کردن دەکەن تووشی ئەو هەڵەیە دەبن کە نازانن لەئەورپادا ئافرەت کێشەی بوونی نییە بەڵکو کێشەکە زیاتر مافە).



**شوان حەسەن**

shwanhassan@hotmail.com

ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز:
ڕێکار ئەحمەد

سەرنووسەر:
حوسێن حەسەن

ژمارە تەلەفۆنی خاوەنی ئیمتیاز:
07501191497

ژمارە تەلەفۆنی سەرنووسەر:
07504471631

ئۆفیسی سلێمانی
گەڕەکی ڕزگاری،
نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم،
بەرانبەر زانکۆی ئەمریکا،
ژمارەی تەلەفۆن 0532109256

ئۆفیسی هەولێر
شەقامی شەست مەتری
گەڕەکی ڕزگاری
نزیک ئاسایشی گشتی
ژمارەی تەلەفۆن 07501179846

ئۆفیسی کەرکوک
حەسیرەکە،
بەرانبەر نەخۆشخانەی ڕزگاری،
ژمارەی تەلەفۆن 07701325080

ئۆفیسی ڕانیە
شەقامی نالی،
تەنیشت گەراجی عەباس
کتێبخانەی ڕۆژی گەل
ژمارەی تەلەفۆن 07501163805

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | |
|---|---|
| Directory: | C:\Users\barzamer\Desktop\222 Word |
| Template: | C:\Users\barzamer\AppData\Roaming\Microsoft\Templates\Normal.dot |
| Title: | |
| Subject: | |
| Author: | Azad |
| Keywords: | |
| Comments: | |
| Creation Date: | 2008-10-04 20:22:00 |
| Change Number: | 409 |
| Last Saved On: | 2009-01-09 14:28:00 |
| Last Saved By: | barzamer |
| Total Editing Time: | 567 Minutes |
| Last Printed On: | 2009-01-14 21:21:00 |

As of Last Complete Printing

| | |
|---|---|
| Number of Pages: | 1 |
| Number of Words: | 63 (approx.) |
| Number of Characters: | 339 (approx.) |

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com